ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## لیستەی Tools لە WMM 2

نووسەر: @:

**لیستەی Tools لە WMM 2.**

شیکردنەوەی لیستەی Tools لە پرۆگرامی Windows Movie Maker 2.

لە وانەکانی پێشوودا سەبارەت بەم پرۆگرامە دوو لیستەی یەکەمی پرۆگرامەکەم شی کردۆتەوە. لەم وانەیەدا لیستەی Tools واتە لیستەی ئامرازەکان شی دەکەمەوە.

لیستەی Tools کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر چۆنیەتی خولقاندنی پەڕگەکانی ڤیدیۆ لە پرۆگرامی Windows Movie Maker.




1> هەڵبژاردنی شێوەی پەڕگە ڤیدیۆیی، بۆ نموونە گەر پەڕگەکەت پەڕگەیەکی ئاساییە و هیچ جۆرە تایبەتمەندیەکی تایبەتی نیە، دەتوانی Highlights Movie هەڵبژێری.

2> دانانی پێشەکی و پاشەکی بۆ پەڕگەیەکی ڤیدیۆ.

بۆ نموونە، دانانی نووسینێک کە لە کاتی کردنەوەی پەڕگەکەدا و پێش دەستپێکردنی نووسینێک دەربکەوێت لە گەڵ هەندێک کاریگەری دەرکەوتنی نووسین و شێوەی جووڵاوەی جۆراوجۆر.

بۆ بە کوردی نووسینی پیشەکیەک لەم پرۆگرامەدا، زۆر ئاسانە و بە شێوەیەکی تەواو و بێ کێشە پشتیوانی نووسینی کوردی دەکات.

بەمەرجێک کە فۆنتێکی کوردیت هەبێت یان دەتوانی بە فۆنتی تاهۆما کە لە ویندۆز دا هەیە بە کوردی بنووسیت.

شێکردنەوەی چۆنیەتی بە کوردی نووسین وەک پێشەکی پەڕگەی ڤیدیۆ.

کرتە بکە لە Titels and Credits.




<11 نووسینەکەت کە دەتەوێ وەک پێشەکی دەرکەوێت لەوێدا بنووسە.
گەر نەتەوێ جۆرەپیت بگۆڕیت دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Done, Add Title To Movie، بەڵام گەر ویستت جۆرەپیت بگۆڕیت، Change The Text Font And Color کرتە بکە.
هەروەها دەتوانی شێوازێک بۆ دەرکەوتنی ئەو نووسینە هەڵبژێریت بە کرتە کردنە سەر Change The Title Animation.
پاش جێبەجێکردنی هەموو گۆڕانکاریەکان Done, Add Title To Movie کرتە بکە.
گەڕانەوە بۆ لیستەی Tools.
<3 دانانی کاریگەریەک لەسەر پەڕگەی ڤیدیۆ. لەوانە گاریگەری فیلمی کۆن.
<4 دانانی شێوازێک بۆ گواستنەوە یان شێوازێکی جووڵانەوە لە نێوان بەشەکانی پەڕگەی ڤیدیۆ دا.
<5 دروستکردنی کلیپ، گەر چەند پەڕگەیەکت کردبێتەوە لە هەمان کاتدا و پێکەوە کاریان لەسەر دەکەیت، دەتوانرێ هەموویان بکرێت بە یەک کلیپ.
<6 گرتنی وێنەیەک لە پەڕگەی ڤیدیۆ.
<7 تۆمارکردنی دەنگ بۆ دانانی لەسەر پەڕگەی ڤیدیۆ.
<8 هەڵبژاردنی ئاستی دەنگ.
<9 کردنەوەی ڕیزە پەڕگەیەکی نوێ بۆ کارکردن لەسەریان.
<10 هەڵبژاردنەکانی پرۆگرام.




16> ناوی ئاسایی نووسەی یان خاوەن کار.

17> شوێنی کاتی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان لەم پرۆگرامەدا.

18> هەڵبژاردن بۆ کردنەوەی دواترین پرۆژەی کار لێکراو لە گەڵ کردنەوەی پرۆگرامەکەدا.

19> دروستکردنی پاڵپشتێک بە شێوەیەکی خۆکار بۆ گەڕانەوەی پەڕگەکان بۆ هەموو 10 خولەکێک.

20> داگرتنی Codec ـی پێویست بە خۆکاری.

21> سەرلەنوێ کردنەوەی هەموو ئاگادارییەکانی ئەم پرۆگرامە.

22> سڕینەوەی هەموو نازناو و وشەی تێپەڕبوونی پاشەکەوتکراو لە نێو پرۆگرامەکەدا.

23> گەڕانەوەی هەموو شتێک وەک خۆی.

24> جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان.

25> وازلێهێنان.

ئێرە کرتە بکە بۆ بینینی نموونەیەک لە کارەکانی ئەم بابەتە.

کۆتایی.

Oct 2005 13

**Tighten Sagging Skin**
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

**Straumann® Implant User?**
Blue Sky Bio - $95.00 - USA Made Straumann® Compatible Implant

Ads by Google